**قورعان و نەخۆشی تێگەیشتن؟!**

-------------------------------

خەزووری دۆستێک کە دوومانگ لەوە پێش تازەترین ڕۆمانی بڵاو کراوەتەوە، گوتی:" بە زاواکەمانم گووتووە، ئەو قۆڕیاتە چییە دەینووسی؟" نووسەری کتێبەکە یەک لە ژورنالیستەکانی سەنگین و گرانی گۆوارێکی ئابووری ئاڵمانە، ژنەکەشی کە کچی خەزووری بێ، هەروەها نووسەر و ژورنالیستە. خەزوور لە درێژەی قسەکانیدا گوتی رێک ٥٠ ساڵە یەک کتێبم نەخوێندۆتە. ئەو موهەندیسی بەرنامەڕێژە و جێ پەنجەی لە زۆر شوێنی شارەکە بە درێژایی ٥٠ ساڵی ڕابووردو هەر ماوە. لە درێژەدا گوتی کە ئەو لە بیر و فکری خەڵکی تر کەلک وەرناگرێ، لە میشکی خۆی و لێهاتوویەکەی کەڵک وەردەگرێ.

دۆستێکی تر نووسەرە و ئەمساڵ یەکەم ڕۆمانی چاپ کراوە، پارەی چاپەکەی بۆ خۆی داویەتی و پێیان گووتووە، گەر هەموو کتێبەکە فرۆشرا، بۆ هەر دانەیەک سێ ئۆیرۆی دەدەنێ. ئەو خانمە زۆربەی پارەی پاشەکەوتی خۆی، خەرجی ئەو کتێبە کردووە و ڕۆژانە لە هەر شوێنێک سەبارەت بە کتێبەکەی لە گەڵ خەڵک قسە دەکا، لە ناو مێترۆ، بووس، ڕێستورانت و لە هەر شوێنێک. بەشێک لە کتێبەکەی لەبەر کردووە و بۆ خەلکی دەخوێنێتەوە. لە ماوەی سێ مانگی ڕابووردو بەو شێوەیە سی بەرگی لێ فرۆشتووە .ئەمساڵ بۆ یەکەمجار چوو بۆ پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت و بەلاش تەبلیغی بۆ وەشانخانەکە کرد و لە باتیان بۆ نانی نیوەڕۆ لێیانگیرابووە .

هاوکارێک کە دایکی نووسەرە و وازی هێناوە، چەند ڕۆمانی نووسیوە، لە زانستگا فەلسەفەی خوێندووە، کە ئەمرۆژانە بازاڕی نییە. کتێبەکانی لە ئینترنێت بە شێوەی دیژیتاڵی بۆ فرۆش داناوە، هەر کتێبێک بە ٩٩ سێنت دەفرۆشرێ و بۆ هەر دانەیەک ئەو سێ سێنت وەردەگرێ، واتە گەر سەت کتێب بفرۆشرێ، نووسەر ٣٠٠ سێنت واتە سێ ئۆیرۆ حەققدەستی نووسین وەردەگرێ. چەند ڕۆژ لەوە پێش لێمپرسی، کتێبی تازە چت هەیە، گوتی ساڵێکە هیچم نەنووسیوە .هێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە سی ساڵ و وەک دایکی لێهاتووە.

هاوکارێکمان هەبوو ڕۆمانی بە زمانی ئاڵمانی و لاتین دەنووسی، زمانێک کە لە ئوروپا بە مردوو دادەندرێ، ئەو ئێستا وەک شۆفیر کاردەکات. دۆستێکی ئیتالیایی چەند ساڵ لەوە پێش کتێبێکی بڵاوکردەوە، کە بوو بە جێی باس لە ئاڵمان، ئەمرۆ دەرسی خسووسی دەڵێتەوە .
شاعیرێکی دۆست کە بە ئاڵمانی و ئیتالیایی شیعر دەڵێ، ماوەی دووساڵە وازی لە چاپکردنی شیعرەکانی هێناوە .دۆستێکی تر کە یەک لە دامەزرێنەرانی حیزبی سەوزەکانی ئاڵمان بووە و وازی لەو حیزبە هێناوە و کۆمەڵێک ڕۆمانی لە سەر ئەمریکای لاتین و ئالمان نووسیوە و بەردەوام خەریکی ڕێکخستنی کۆڕ و سمینارە و هەر وەها گۆوارێکی مانگانە دەردەکەن، ماوەیەک لەوە پێش دەیگوت، داهاتووی فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبیات پڕ لە پرسیارە .

دۆستێک وەشانخانەیەکی لە گەرەکی ئێمە هەیە و بە ساڵان کتێبی بڵاو کردۆتەوە، سێ مانگە تەلەفونی بۆ دەکەم، ئیمەیلی بۆ دەنێرم وڵام ناداتەوە، خۆی لە ماڵەکەی بەستۆتەوە. دۆستێکی تربە ساڵان لە یەکێک لە وەشانخانە بەناوبانگەکانی ئاڵمان کاری کردووە، ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە پێشانگای کتێب چاومان بەیەک کەوت، گوتی پاش سی ساڵ کار دەریان کردم، وەشانخانەکەمان وەرشکەست بووە. هەر ئەو ڕۆژە لە گەل یەکێک لە بەرپرسانی ئەندامی بەڕێوەبەری پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت قسەم کرد، گوتی لە ماوەی ئەمساڵدا ٧٥ کتێبفرۆشی دەرگایان قەپات کراوە.

ئەمە باسی وڵاتێکە لە تاقیکردنەوەی تاکە کەسێکدا لە چەند ساڵی ڕابووردوو، وڵاتێک کە خەڵکەکەی بە کتێبخوێندنەوە بەناوبانگ بوون، لە ناو میترۆ و بووس و سەر کار کەست نەدەبینی کە کتێب یان ڕۆژنامە یان هەردووکیانی بەدەستەوە نەبێت. وڵاتێک کە ئەمرۆ لە هەر بیست منداڵ یەکیان کتێب ناخوێنێتەوە و یەکێک لە گرفتەکانی مەدرەسە و دانشگاکان ئێستا ئەوەیە کە تەنانەت خوێندکارانی دەورەی دوکتوراش زمانی دایکی خۆیان، بە هەڵە دەنووسن.

هەرچەند ئەم وێنەیەی سەرەوە، ڕەوتی گشتی لە خۆی دەگرێ، بەم حاڵەوە، هێشتا ئاڵمان وەزعی لە وڵاتانی تر باشترە، بەڵام بە گشتی تێگەیشتنی قووڵ لە مرۆڤ وەرگیراوە و ئەوەی مەترسیهێنەرە، ئەوەیە کە تاکەکان زۆرتر و زۆرتر بەرەو تێگەیشتنی لاواز و"سطحی" دەکێشرێن.

خاوەن مێدیا بە گشتی و ڕادیۆ و تەلەوزیۆن و ئینترنێت بە تایبەتی، ڕەوتی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی خەڵک و تەنانەت نووسەران دیاریی دەکەن. سەردەمێک بیرمەندەکان، نووسەران، فەیلەسووفان سەرچاوی زانیاریی بەخشیین بوون لە ڕێگای کتێبەکانیانەوە، ئەمرۆ زانیاریی هەتا ڕادەی هەواڵی ڕۆژانە و لێکدانەوەی فەیسبووکی دابەزێندراوە .

ئیتر کەس کاتی بۆ نامێنێتەوە لاپەڕەی کتێبە ئەستوورەکان هەڵداتەوە بۆ ئەوەی بە وردی و بە قووڵی لە هەواڵی ڕۆژانە و ڕووداوەکان تێبگات. بۆ وێنە لە سەروبەندی شاڵاوی پەنابەران بۆ ئوروپا و بۆ ئاڵمان، هەموو تێگەیشتنی خەڵک هەر ئەوە بوو کە مێدیا پێیدەبەخشین و زۆربەی هەرە زۆری سیاسەتمەدارانی جیهانیش هەر بە پێی ئەو وێنە و لێکدانەوانە کە بە بەرنامە دەرخواردی خەڵکی جیهان دەدرا، دەجولانەوە.
مێدیا و سیاسەتپیشەکان لە ماوەی چەند هەفتەدا توانیان سەرجەم خەڵکی جیهان چەواشە بکەن و بە لارێدا بەرن. بە دەگمەن گوێ لە مێدیای ئاڵترناتیو ڕاگیرا، بە دەگمەن ئەو کتێبە بەنرخانە خوێندرانەوە کە بە وردی سەرجەم لایەنەکانی ئەم ڕووداوەی دەخستە ڕوو، کە جگە لە مێدیا، کلیسا، دەوڵەتەکان، کۆنسێرنەکان، حیزبەکان و کۆمەڵێک لایەنی نادیار، تێیدا بەشدار بوون.

ئێستا دەردەکەوێ کە ئوروپا و بە تایبەت ئاڵمان لە ماوەی یەک ساڵدا دەیان مادەی قانوونیان گۆڕی و سەرجەم ئوروپایان بەرەو میلیتاریزم و کۆمەڵگای ئەمنیەتی کێشا، کە بە هیچ شێوەیەک لە حاڵەتی ئاساییدا نەیاندەتوانی ئەو کارە بکەن. هەر ئێستاش خەڵک بە گشتی ئاگادار نیین کە ئاڵمان نزیک چوارسەت هەزار کەس لە پەنابەرانی لە ئامێزگیراوی ساڵی ۲۰۱۵ بەڕێ دەکاتەوە و ئیتر سوودیان نەماوە .

ئەمرۆ لە ئوروپا و هەر شوێنێکی تر, سیاسەت بە پێی نەزان ڕاگرتنی خەڵک، لە لایەن سیاسەتمەدار و دەستەڵاتدارانەوە بەڕێوە دەچێ .ئیتر نە تێگەیشتنی خەڵک مەبەستە نە دێموکراسی کە زامنی ڕاگرتن و بەڕێوەچوونیشی، هەر زانینن و تێگەیشتنی خەڵکە، کە وردە وردە لێیاندەسترێندرێتەوە.

ئیتر سەردەمی ویلی برانت، هێلمۆت شمیت، واسلاف هابل بەسەرچووە و مێرکل و سارکوزی، ئوربان و ئەوانەی کە ساڵانی داهاتوو بەڕێوەن، ئوروپای سەدەی بیست ویەک ساز دەکەن، ئوروپایەکی دیژیتاڵی کە خودی ئینسانیش دەگرێتەوە!

ویستم لە درێژەدا, باسی وڵاتی خامنەیی،ئەردۆغان،عیبادی،ئەشرەف غەنی و خۆمان و نووسەر و خەڵک و کتێب بکەم. وازم لێهێنا. گوتم ڕەنگە خوێندنەوەی سێ لاپەڕە خەڵک دووچاری نەخۆشی" تێگەیشتن" بکات .لای ئێمە خوێندنەوەی قورعان کە منداڵێکی ۱۷ ساڵان سێ جار لە ڕووی دەنووسێتەوە بە بێ ئەوەی لێی حاڵی بێ، خۆشترە لە خوێندنەوە!

لەوە دەچی حەق بە جەنابی خەزوور بێ. بریا لە کوردستان بۆ گێڕانی سمینار بانگیان دەکرد، بە تایبەت زانستگای سەلاحەددین کە خوێندکارانی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردییەکەی، ڕقیان لە خوێندنەوەی کتێب دەبێتەوە !

برایم فەڕشی